# کـتێبــی بـــــــوون

دڵزار حەسەن

وەك

هەمیشە

لەتەکیا

گوزەری

کردبێ

پرسیارەکەی وا وەڵام دایەوە

هێجگار

ماندووم

شەکەتی

ئەم

رێگایە

وایکرد

بەدڵنیایەوە نەخەوم

پێدەچێ

با

نەشکێتەوە سەردڵێك

خەونی نەبینیبێ

دەشێ

روبار

ماسی گرەکانی هەڵلوشیبێ

ئەگینا چۆندەخەوێ

دەکرێ

**ماندووی مانگ**

**سێبەری**

**زەوی**

**گەزتبێ و**

**ئاسمانیش**

**بە دیار دیالۆگی شاخەکانەوە**

**مەیلی بۆلای ئەوە چوبێ**

**بێژێ**

**کاتی ئەوە هاتووە**

**تەلیسمی چاو بەتاڵکرێ و**

**لەنێو گوڵزاری روانینەکان شوێنێ بۆ ئارامی رۆح بسازێ**

**لەوانەیە**

**کەشتی ئەمجارەمان**

**لە**

**دەریا**

**بچەقێ و**

**کەناریش میوانێکی ناوەختەی بەسەرەوە بێ**

**دەریا**

**هاوڕێیەکی**

**کات**

**کوژە**

**و**

**ئاو بە نێو لەپی هەوا دادەکات**

**دەریا**

ئاوەدانە

و

دەسرازەی سروشت ئەڕنێ

لە ژێر بارانێک نووسرابوو دوایین هەواڵ

ئەستێرەیەکی

سیما تەنگی

رەنگ خۆڵاوی ئەیزانێ

ئاخۆ لێواری ئەم چیمەنانە کشانی هێزی "با" ئەیاندوێنێ

یان چریکەی رۆشنایی لە تاریکی ئاسمانان

هەمیشە

نیگای جوانکار

هەناسەی دلۆڤانییە

و

نیگا

نیگا

روانینی پەرش ئەبێ

گەلێ دەروون

بۆ

دیداری تریفە

توانەوە

و

گەلێ ئەوین

با

باڵە فڕێی تەنیایی بوون

تا

**چاو**

**حەزکا**

**من**

**تینووی**

**تریفەم**

**و**

**تا**

**چێژ**

**پڕکا**

**من**

**موشتاقی**

**ئەوینم**

**من**

**لە نێوان دوو چرا دەتوێمەوە**

**هەناوی چرا وایکرد سێبەر هەر هێندە پەرشبێت**

**رۆشنایی چرا زەوی دەپاڕزنێ**

**و**

**تا هێزیکوشین حەزکا ئایندەی چرا رووناکتر دەکا**

**ترپەی**

**دڵی چرا**

**ناسکترە**

**لە ترپەی**

**دڵی**

**ئاسکێک**

**جارجارێ**

ئاسمان شینە وەک ئاو

جارجارێ

لێواری ڕووبارێک بەقەت لێوی ماسیەک ئاوی تیامەنگە

جارجارێ

ژیان لە شێوەی بازووی کرێکارێک نمایش دەکرێ

جارجارێ

هاورێکەم لەهۆش ئەوە دەچۆوە لە خەوێکی قووڵدایە

ڕەنگە

سێبەری ئاوازێک تەنیایی چواندبێ بە خەون

ڕەنگە

زەینی "با" مەیلی خەونی زانیبێ

ڕەنگە

نساری کێوان خۆرسکانە خەونی بینیبێ

ئەگینا خەون رازی تەنیایی ئەدرکاند

دەشێ

چرا

سیمای تاریکی ون کردبێ

بۆ

ئەم مەبەستە چرا هەڵکەن

چرا

مەبەستێکی نادیاری هەیە

و

نهێنی چرا

لەوەدایە خەوی زڕاوە

تکایە

**مەپژمن نەبادا چراکان لە هۆش خۆیان بچن**

**تکایە**

**بێ ئافات بن چرا هیوای رژاوە**

**هیوا گوزەر دەکا لە دەرگای خەون دەدا**

**خەون**

**مەرامی پێگەیەکی ئارامڕێژە خەونێکی تری گەرەکە بۆ درکاندن**

**خەون**

**دەست لە ململانێی حەزینترین هۆکاری کات کوشتنە**

**خەون**

**منداڵێکی ساویلکەیە خەونێکی نەبینراو ئەگێڕێتەوە**

**خەون**

**رازێکی تەنهایە میوانداری کەسێک ناکا خەون بە تەنها ببینێ**

**خەون**

**هێشووی ترێیەکی هەڵکروزاوە بێجگە لەخاک کەسی تر هاوڕێیەتی ناکات**

**خونچەی**

**گوڵێک**

**دڵڕفێنترە**

**لە بینینی**

**خەونێک**

**ئەکرێ**

**جێیی پێیی ئاوو ون نەکرێ**

**هەم بۆ ئارامی گیان**

**و**

**هەم بۆ مەرامی چێژ**

**ئەکرێ**

**بارتەقای بینینمان بۆ دەریا شتێ بتاشین بۆ پەڕینەوە**

**هەم بۆ ناسین**

**و**

**هەم بۆ هێوکردنەوەی هیواکان**

**ئەکرێ**

**خەون لە خەو بێبەری کەین**

**هەم بۆ بەرجەستەبوون**

**و**

**هەم بۆ لاواندنەووەی ئارەزووەکان**

**ئەکرێ**

**درەختەکان هێجگار ئاوەدانترکەین**

**هەم بۆ هەڵاوێردکردنی مەودای دەنگەکان**

**و**

**هەم بۆ پاراستنی کەزی گەڵاکان**

**ئەکرێ**

**مەبەستی**

**سەرەکی**

**خەو**

**نادیارکردنی**

**شەو بێت**

**لە**

**نێو**

**ئاوێنەی**

**خەوندا**

**ڕەنگە**

هێشووی ترێیەکم

لا

پەسندتربێت

لە

بینینی ئاسکێک

ڕەنگە

نازی کۆترێکی بێ هێلانەم

لا

گرنگتر بێت

لە

درکاندنی ڕازێک

ڕەنگە

ڕازێکی پەناهانم

لا

مەبەستدارتربێت

لە

غەفلەتی شارێک

ڕەنگە

خەونێکی نەبیندراوم

لا

ئەمەکدارتربێت

لە

زڕاندنی خەونێک

هێجگار ماندووم هەمیشە دەرگا ئاوالآیە پرسیارەکەی واوەڵامدایەوە

تازە

ئومێد لە کەسێکی تینوو دەچێت 00

تازە

دەریا ناتوانێ نازی بەلەمێ هەڵگرێ 00

تازە

چرا لەمە زیاتر هەناسەی ئاوەدانتر نابێت 00

تازە

خەون گۆنای سروشت نارنێ00

تازە

رۆناهی ئاسمان ئەوە دەبەخشێ بێژین

حەوسەڵەی ئەوەمان نەماوە شۆخی لەگەڵ نازو نیازی هەتاو بکەین

ئەی

دڵە فێنکەکەی ئاوایی

سۆراغی

کام

دەریا

وانێ

زەوقی

مانەوەی

پێت

بەخشی

کامەرانی

نەریتێکی

ژیان

بەخشە

ژیان

**فەلسەفەیەکی**

**لێک**

**هەڵوەشاوەیە**

**و**

**ئارەزووی دواندنی**

**لە**

**دەستی**

**با**

**دایە**

**جەنگێ**

**خاڵی**

**لە**

**پێکەنین**

**جەنگێ**

**دانانی**

**مەودایەک**

**بۆ**

**ڕۆح**

**جەنگێ**

**بەرینتر**

**لە**

**کیشوەری**

**هێمنی**

**جەنگێ**

**شیاوتر**

**لە**

**فێربوونی**

**وشەیەک**

**جەنگێ**

**چەشنی**

**پیاسەیەکی**

**درێژ خایەن**

**جەنگێ**

**هێشتا**

**نەبڕاوەیە**

**و**

**بەردی**

**چاخەکان**

**بۆندەکات**

**لە نێوان جەنگ و**

**ئەگەری جەنگ مانەوە دەست نیشانبکە**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **سەردەمێک** | **ماوە** | **بۆ** | **هۆنینەوە** |
| **سەردەمێک** | **ماوە** | **بۆ** | **ئاسانکاری** |
| **سەردەمێک** | **ماوە** | **بۆ** | **فەراهەمبوون** |
| **سەردەمێک** | **ماوە** | **بۆ** | **لاواندنەوە** |
| **سەردەمێک** | **ماوە** | **بۆ** | **دڵنەوایی** |
| **سەردەمێک** | **ماوە** | **بۆ** | **جوانکاری** |

**لەنێوان سەردەمێک و ئەگەری سەردەمێک چوارچێوەی سزا دەست نیشانبکە دڵێک**

بەرەکەتدار   تر

لە ئاوی حەیات

دڵێک

سۆزدار   تر

لە حەرەمی دایک

دڵێک

سانا   تر   لە هەڵفڕینی هەناسەیەک

دڵێک

گەشاوە   تر   لە نازی گوڵێک

دڵێک

ئارام   تر   لە بینینی یاقوتێک

دڵێک

میهرەبان   تر   لە بەخشینی موژدەیەک

دڵێک

هێور   تر   لە چاوی هەڵۆیەک

لەنێوان دڵێکو ئەگەری دڵێک ئیرادە دەسنیشانبکە

لەوانەیە

گەڵای درەختەکان

هێشووی سەفەرێک بن و

گۆچانی دەستی فەیلەسوفێک

گەواهی ئەوە بدا بە دەستەوە

ئیتر نە مانگ گەشەی

تێفکرینی کۆتا بەخشە و

نە گۆنای منداڵێک لەمە زێتر پڕ هیواترە

لەوانەیە

مەرگ

خەمێکی

بێ

هودە

بێ

بە

لەشی

زەویدا

کوا

سێبەری ئەو دڵەی لە حەسانەوە دواکەوت و

بەسەر دامێنی سروشت هەواڵی ئەستێرەکانی ئەگەیاند

مەرامی یەکەمین خەون ئادەم ئاشنای بوو

مەرامی خەون لە ئاوێنەی زەویکێشرا

لە

هەمووی

سەیرتر

" با "

بایەکی

هیلاکتری

لەکۆڵناوە و

باڵندەی ئاوایی تیا تۆراوە

ئەی0000

باڵندەی ئاوایی

کەی رۆژێکی نوێ دەست نیشان دەکەی بۆ ئاشتەوایی

ئەی0000

باڵندەی پڕ لە هیوا

کاتی ئەوە نەهاتووە خۆت و هاوڕێکانت ئایندەی چرا لە یاد نەکەن

چرا

بنەماڵەی کامەرانی تیا ئاوەدانە

چرا

مەیلی فەرامۆشییە

چرا

پەنجەرەی ئارامی ئاواڵایە

چرا

ئاوەدانە چەشنی دەروونی منداڵێك

چرا

بەقەد بازووی کرێکارێك ئارەزووی تیا حەساوەتەوە

چرا

رووناکی تیا ئاوەدانە و هێزی مانەوەی لە دەستی " با " دایە

چرا هەناسەیەکی هێمنی هەیە

تا

چرا

پڕکا

دەبێ

زەوقی

دەریا

بدوێنین

دەریا

**ناتونێ لەمە زێتر ئۆقرە بگرێ**

**دەریا**

**هەناوی ونە مەوداکانی نابینان**

**دەریا**

**ئاشنایەتی دەروونی سادە ناکا**

**دەریا**

**هێڵی ئاراستە رێی ئاسمانانا**

**دەریا**

**بەرگەی مانەوە ناگرێ**

**دەریا**

**ئاو بە نێو لەپی " با " دادەکا**

**دەریا**

**بای تیا ئاوەدانە**

**دەکرێ پرسیارێکی بەم شێوەیە هێزی مانەوە بدا بە دەریا**

**هەموو شەوێ لە کاتی سەرە مەرگی پەپولەیەک هێمنی ببەخشێتە نەهەنگێ**

**یان بگوترێ ئاسمان شینە وەک ئاو**

**تا**

**دەریا**

**پڕکا**

**دەبێ**

**زەوقی**

**ئاسمان**

**بدوێنین**

**ئاسمان**

**ڕۆشنایی**

**دەبەخشێتە چاوێک نازی بەردێک بخوێنێتەوە**

**ئاسمان**

**ڕۆشنایی**

**دەبەخشێتە چاوێک درەختێک بدوێنێ**

**ئاسمان**

**ڕۆشنایی**

**دەبەخشێتە چاوێک چێژیئیلهامی چێشتبێ**

**ئاسمان**

**ڕۆشنایی**

**دەبەخشێتە چاوێک میوانداری سێبەربکا**

**ئێمە لە ناو خەوندا**

**خەونمان دۆزیەوە**

**ئێمە لە ناو چرادا**

**ئاشنای هیوا بووین**

**ئێمە لە ناو چاخەکاندا**

**بۆ یەکەمین جار بۆنی ئادەمیەتمانکرد**

**ئێمە**

**دڵێک بووین**

**وەرزی هەناسەمان لە دەستی " با " دا بوو**

**ئێمە**

**لە ناو دەریادا**

**باوکی پیرۆز و**

**دایکی موریدەکانی ئاواییمان ناسی**

**بەڵێ**0000

ئێمە بووین لە پەنجەرەیەکی لاچەپی زەوی بە دەرکەوتین و

پێمان گوتن ئەی مرۆڤ

سێبەرێ

لە نیگا 0000 و

دڵۆپێ

لە بەفری

نوستوو

کۆ بکەرەوە و

دەم بە دەم0000

بە دوای سۆراغی

خەون و

چرا و

جەنگ و

زەمەن و

دڵ و

دەریا و

ئاسماندا

بگەڕێ 0000 و

لە ڕێگادا

تا چاو حەزکا

بنوارە 0000 و

تام 0000 و

چێژی ئەوین0000 و

میهر بە " با " کە و

پێیانبڵێ بمان بەخشن ئیتر

نە خەون و

نە چرا و

نە جەنگ و

نە رۆژگار و

نە دڵ و

نە دەریا و

نە ئاسمان

وەڵامێکی لەم جۆرە دووبارە نەکاتەوە بۆت

بەڵێ

ساناتر

لە پرسیاری

بوون

وردبەووە

ئەی مرۆڤ !!